# دۆزەخم سارد و هەناسەم پێچەوانەی ئاو

**حەمەشوان شەریف**

لەژێر چڵێکی خەیاڵاوی شکاودا

ئاونگەکانی بەیانیانم  ڕەش و

گوڵەکانی هەناسەشم

وەک ئەستێرەیەکی بێئومێد و

درەختێکی  سەربڕاو

گیانیان دەدا .!.

ئاخم  ئەرخەوانی دەوەراند و

پێکەنینم لقی سەرسوڕمانی دەشکاند .!.

تێناگەم !

بۆ بیرت لێدەکەمەوە و  دەمەوێ

دەست بۆ دوو هەوری سنگی موسیبەتت بەرم

کەدەزانم  لەچۆگەلەکانی برینێکدا دەمنێژیت و

لەناو قەفەزی هەتاوێکدا بەزیندوی دەمسوتێنی .،.

ئای ،،،،،

هەر  فێرنەبووم  ،  نەگەڕێمە وە

ناو چنارۆکەکانی ئەوین و

لە  بزربوون و  هەراسانی

هۆرس نەبووم و

وەک فانۆسێکی ژەنگرتووی گوندێک

تا مەغریب دانەدەگیرسام .!

هەرکاتێ ڕۆحم لەقامگەکانی پێکەنینێکت هەڵبسووایە

نیگایەکم پڕ دەبوو لە خوێن !

سێبەرێکم دەشکا !

قسەیەکم لە گیرفانی یادێکدا کاڵدەبویەوە و

برینی ژوانێکم دەکولایەوە و

ڕاسپاردەیەکم نەدەگەیشتە زرێبارو

لە گۆلاوەکانی سیرواندا دەمرد . !

1-) مەترسە بیلێرەوە

گەر ئەمجارەش منت خۆشئەوێ !؟.

وەرە و

ئەو سنورە شوشەییە بشکێنە

لەیەکترمان دوردەخاتەوە و

لەمردنمان نزیک دەکاتەوە

کە نایەڵێ بەریەک کەوین

با ئەم جارەش هەر لەتۆوەبێ درکاندن :؟!:.)

2 –( ئەم گرەوە مەکە لەگەل من

با مەملەکەتت( با ) نەیبا

من پێچەوانەی ئاوم ئاو ،

تفەکەت ڕۆمەکە سەرڕومەتی زەوی

تفەکەت

وشکدەبێتەوە و من هەر نەگەیشتووم

کە چەڵدەبم و نەموتووە :!.

ئەمجارەیان ئەبێ تۆ بێت و سۆزی لەتکرام چاکەیتەوە

دەست بخەیتەسەر برینی نەزیفم و

سێبەرەکانی گریانم کۆکەیتەوە

بێیتوو پاشماوەی لاپەڕەکانم درێژە پێبەیت

سڵاوێکم بۆبخەیتە خەڵوەتەوە

دڵم بخەیتە ناو ئینجانەیەکی لێبوردن و بەماچ ئاوی بەیت .،!.

یان :بێ قسە کردن ئەم ئەوینە هەڵدەگرین

وەک بەیانێکی سیاسی قەدەغەکراو لەچاڵی دەنێین تا دەپروێت )،.

- من پیرم کردوی ! .

- بەڵێ : ئـا

پـیـرتکردم

شتێکت وەک خۆیی بۆنەهێڵاومەتەوە ؛!.

تـۆ بـبـینـە ، چۆن دەبـینم

ڕەنگ - ترس

دڵ - تارک

هیوا – شەل

ماچ – بۆنی سێوێکی گەنیوو

سۆراخ – مردنێکی لەسەرخۆ

ئەوین – سەرسوڕمـان و گومانێکی ساری .

بەهار – دەست وخەتێکی ناشیرین کەبۆم ناخوێنرێتەوە

هاوین – دڵی هەژار

پایز - *شەباب ە شێت

زستان : دڵی ساویلکە .)

• شەباب : ئەو مرۆڤە بەڕێزە بوو بەهۆی بینینێک و باری دەرونیوە لەسلێمانی پێی دەوترا شێت ،ئەم بەڕێزە تامەزرۆی سڵاوکردن بوو .

hamashwan1@hotmail.com

2004-03-21

سوید